حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

ژمارە: ١١١٤٢
ڕێکەوت: / / ٢٧٢١ کوردی

العدد:
التأريخ: ١٢ / ١ / ٢٠٢٢

## گشتاندنی ژمارە (١٧)

## بۆ / گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆتین و خێراکردنی کاروباری فەرمانگەکان لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (KFMS) بڕیارماندا :-

١- داواکاری خەرجی تەنها بەشێوەی ئەلیکترۆنی لەسەر سیستەمی (KFMS) پێشکەشی وەزارەتی دارایی و ئابووری / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری دەکرێت پێویست ناکات هیچ کاغەزێک لەلایەن دیوانی وەزارەتەکان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری بنێردرێت .

٢- نووسراوی فەرمی داواکاری واژووکراو لەلایەن بەڕێز وەزیر و بڕیاردەرانی وەزارەتەکان لەسەر سیستەمی (KFMS) سکان و هاوپێچ بکرێن .

٣- سەرجەم بەڵگەنامەکان کە بەپێ ی یاسا و ڕێنماییەکان داواکراون دەبێت لەگەڵ داواکاری خەرجییەکە لەسەر سیستەمی (KFMS) سکان و هاوپێچ بکرێن .

٤- فەرمانبەرانی خەرجی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری دەتوانن فۆرمی داواکاری خەرجی و بەڵگەنامە هاوپێچ کراوەکان بۆ مەبەستی پێداچوونەوە و ووردبینی کردن چاپ بکەن هەرگۆڕانکارییەک کە لەسەر کاغەز دەکرێت دەبێت لەسەر سیستەمەکەش ئەنجام بدرێت .

٥- ئەو داواکارییە خەرجییانەی بە ڕەتکردنەوە بڕیاری کۆتاییان لەسەر دەدرێت لەلایەن بەڕێز وەزیری دارایی ، تەنها لەسەر سیستەم وەڵامی داواکارییەکە و هاوپێچەکان بۆ لەلایەنی داواکار دەنێردرێتەوە پێویست ناکات هیچ کاغەزێک لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری بۆ لەلایەنی داواکار بنێردرێتەوە .

٦- بەشی هاتوو و دەرچووی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری لەمەودوا ژمارەی هاتوو ناداتە ئەوداواکارییە خەرجییانەی لە ڕێگەی سیستەمەوە پێشکەش دەکرێن و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری تەنها مامەڵە لەگەڵ پێناسی تایبەتی داواکاری خەرجی SRID دەکات .

٧- ئەم گشتاندنە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت.

بۆ ئاگاداریتان و جێ بەجێ کردنی کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری
٢٠٢٢/١٠/